# چەند ساتیك لەگەڵ دایكم

## بەشدارعەلی

دایك مبهروبانه وەك خۆر,بەسۆزه وەك هەور, هەمیشه دەسوتێت و دەگریت

, بۆیه كاتیك جانتای سەفەرم هەڵگرد ئاوا دەیلاواندممەوه..........هەناسەكەم بەر لەوەی سلاٌو له ژیان بكەیت من و باوكت رایەڵەی چەندین خەیاڵ و خەونی زێرینمان هەڵدەبەست بۆ خۆشی تۆ,له پاش بوونت كەوتینه جەنگ و كێبركێ لەگەل هەژاری و دەستەنگی,تاكو حەزو تامەزرۆی كایەكانی تۆ دەستەلەر بكەین .كه گەورەبویت درەختی خەون و هیوامان كەوته چرۆ , چۆلەكەی شادمانیمان دونیایی پرِ ,بەلاٌم خەجار....... له پردا هەستمان به مەرگ و نەزۆكی حەزەكانمان كرد كه بەئەوین گۆشمان كردو سەفەر گۆشاو گۆش سەری برِی, داكم بەردەوام بوو لەسەر قەسەكانی.....رۆلەكەم من ووشەكانت چۆن لەبیر دەكەم كه دەت ووت((دایكه مرۆڤ زۆر به نرخه به نرختر له هەموو شتێك))

بەلام ئێستا بادەكانت به سویٌترین برینم نویٌ دەكاتەوه ژانی مەرگم پیٌدەچیژیت.دایكم تروسكای شك نەدەبرد ,له ئەرزو ئاسمان دڵی هیندەی تاله موویەكی پێوه مابوو , هەر كات داڵخەی ئەم سەفەرەی لێدەدافرمیسكی گەرم له چاوانیدا جۆگەلەی دەبەست و له چاڵی چەناگەیدا مۆلگەی دەخوارد.....دایكم بەردەوام بوو لەسەر قەسەكانیو ووتی ئاخ رۆلەكەم قەسەكانت له گویمدا زینگەیان دێت هەردەم دەت ووت((دایه ئەمه شەری ئیمه نیه ,شەری نەتەوه و خاك و بەرژەوەندییە,شەری ئیمه شەری ناو و پیناسه و بوونی ئینسانه,شەلری ئیمه شەری نەمانی كوشتارگه و قەسابخانەكانی ئینسانه))

هەناسەكەم بیرمه لەشەویكی یەكجار تاریك بوویت. هەر ئەو شەوه باوكت دەنگه دەنگ و شەریكی زۆر لەگەڵ مندابرِیاریدا ناوت بنیت بەشدار , مب دڵم داخورپاو تاسه بردمیەوه ئاخۆ دەبیت بەشدار بیٌ لەچی ؟ له ئەنجامدا بەشدار بوو له سە............فە...............ر.

دوا ساتەكان خۆم بۆ نەگیرا و ووتم دایكه گیان,له ولاٌته زۆر سانا لەبیر دەكرێیت و كەنارگیردەكرێیت,له چۆلترین قەراخەكانی ئەم شارەدا دەخرێیته پەراویزەوه و حەز و خۆزگەو ئاواتەكانیش له ژیر بەهانەی جۆرا و جۆردابه خاك ئەسپێرن,بۆ ناو ترسناكترین و تاڵترین رووداوەكاندا راتدەكیشن و ژانی مەرگت پیٌدەچیژن......لەنێو ئەو قسانەداجانتاكەی كرد به پشتماوتیگەیشت ئەم رێگایەله پیناوی بەردەوامی منه له ژیان,له پیناوی خەونەكانی منه , ئازادییەكانی منه,حەزەكلنی منه,.........هەرچەندە دەشمزانی ئەم جانتایه چەندە رەزایی قورسه لای دایكم.